**بەش:ماتماتیک**

**کۆلێژ:پەروەردە**

**زانکۆ:سەلاحەددین-اربیل**

**بابەت: کارامەیەکانی ئەکادیمی-Academic Skills**

**پەرتووکی کۆرس: قۆناغی یەکەم**

**ناوی مامۆستا M. Bushra Najmaddin**

**ساڵی خوێندن: 2023-2024**

# Course Book /پەرتووکی کۆرس

| | |
|---|---|
| 1. ناوی کۆرس | کارامەیەکانی ئەکادیمی |
| 2. ناوی مامۆستای بەر پرس | M. Bushra Najmaddin: |
| 3. بەش/ کۆلێژ | ماتماتیک |
| 4. پەیوەندی | ئیمێل: **bushra.abdulgaphur@su.edu.krd**<br>ژمارەی تەلەفۆن: **07504973726** |
| 5. یەکەی خوێندن (بە سەعات) لە هەفتەیەک | تیۆری: 1<br>پراکتیک: 2 |
| 6. ژمارەی کارکردن | ئامادەبوونی مامۆستا بۆ قوتابیان یەك جارە لە ماوەی هەفتەیەکدا |
| 7. کۆدی کۆرس | |
| 8. پرۆفایەلی مامۆستا | 1) Awaz Kakamam Muhammad, PhD in applied Mathematics, Lecturer, I am working in Mathematics Department College of Education, Salahaddin University<br><br>***Qualifications:***<br>PhD in applied Mathematics and Statistical Analysis of Big Data sets (2018), University of Leicester-UK.<br><br>MSc in Algebra (2010), Salahaddin University-Erbil, Iraq.<br><br>BSc in Mathematics (2004), Salahaddin University-Erbil, Iraq.<br><br>**Teaching Experience:**<br>From 2004 I worked as an assistant lecturer, and then a lecturer at Mathematics Department/ College of Education/ Salahaddin University-Erbil/Iraq<br><br>***Languages:***<br>• English<br>• a few Arabic<br>• Kurdish<br><br>***Publications:***<br>Published papers mostly in applied statistics and data analysis. Several papers are published in algebra. One my useful and wonderful books is published and now it is available in Springers.<br>2) Bushra Najmaddin , Assistant lecturer, I am working in Mathematics Department College of Education, Salahaddin University. |

***Qualifications:***

MSc in Algebra (2011), Salahaddin University-Erbil, Iraq.

BSc in Mathematics (2004), Salahaddin University-Erbil, Iraq.

**Teaching Experience:**

From 2011 I worked as an assistant lecturer at Mathematics Department/ College of Education/ Salahaddin University-Erbil/Iraq

***Languages:***

- a few English
- a few Arabic
- Kurdish

***Publications:***

Published one paper in algebra

| | |
|---|---|
| **9. وشه سەرەکیەکان** | **لۆجیك، ئارگیومێنت، دیبەیت، پۆستەر، ڕیپۆرت** |

**10. ناوەرۆکی گشتی کۆرس:**

- ئەم بابەتە بۆ گەشەپێدانی توانا و شارەزایی قوتابیان لە پەیوەندی و گفتوگۆ و دیبەیتی ئەکادیمی و چالاکییەکانی ئەکادیمی ئامادەکراوە .
- بابەتەکانی ئەم بابەتە ڕاهێنانێکە بۆ چۆنیەتی بەکارهێنانی سەرچاوەکان لە چالاکییەکانی ئەکادیمی، بۆ دەستخستنی زانست، بۆ هەژاندنی پرسیارە ئەکادیمیەکان و وەڵامدانەوەی پرسیارەکان بە تێرو تەسەلی .
- ڕاهێنانێکە لە بابەتەکانی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و ڕێزگرتن لە بیروڕای بەرامبەر و چۆنیەتی ئەنجامدانی گفتوگۆی ئەکادیمی.

**11. ئامانجەکانی کۆرس:**

- ئاشناکردنی قوتابیان بەچەند کارامەییەکی ئەکادیمی پێویست وەك: (ڕاپۆرتی ئەکادیمی، پێشکەشکردنی سیمینار، پۆستەری ئەکادیمی، دیبەیتی ئەکادیمی، بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە، کارکردن بەگروپ، بەشداریکردن لەبۆنەکانی ئەکادیمی/وێرکشۆپ/کۆنفرانس/سیمپۆزم)
- بەهێزکردنی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و دەربرینی لۆجیکییانە.
- ڕێزگرتن لەو جیاوازییانەی کە لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگە جیاوازەکاندا هەیە.
- گەشەپێدانی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و متمانە بەخۆبوون لە دەربڕین و گوزارشت کردندا.

**12. ئەرکەکانی قوتابی:**

ئەرکی سەرەکی قوتابی لەم وانەیەدا ئەنجامدانی چالاکی ئەکادیمی و کارکردن بەگروپە، قوتابی بەپرسیارە بەرامبەر بە ئامادەبوون لەوانەکاندا و هەروەها تۆمارکردنی تێبینی و سەرنجەکان لەکاتی وانەکانی ڕۆژانەدا، هەروەها بەرپرسیارە لە هەڵبژاردنی بابەتێك بۆ ئەوەی دیبەیتی لەبارەوە بکات، هەروەها ئامادەکردنی ڕاپۆرتێك لەسەر بابەتەکە و پێشکەشکردنی بەشێوەی سیمینار لەناو پۆلدا.

هەروەها بەرپرسیارە لە ئامادەکردنی پۆستەرێکی ئەکادیمی لەسەر ڕاپۆرتەکەی و هەروەها ئامادەبوونی لەکاتی هەموو تاقیکردنەوەکان کە 5 تاقیکردنەوەی پراکتیە لەناو پۆلدا ئەنجام دەدرێت.

**13. ڕێگەی وانە ووتنەوە:**

وانەکان بەشێوازی تیۆری دەوترێتەوە بە پشت بەستن بە بەکارهێنانی داتاشۆ و پاوەرپۆینت، هەروەها ووتوێژو کارکردن بە کۆمەڵ و چالاکی کرداری و تیشکخستنە سەر خاڵە گرنگەکان لەسەر تەختەی سپی، پێدانی پوختەی وانەکان بەشێوەی مەلزەمە بە قوتابییەکان.

**14. سیستەمی هەڵسەنگاندن:**

تەواوی تاقیکردنەوەکان بەشێوەی پراکتیکی دەبێت و لەناو پۆلدا ئەنجام دەدرێت، تەنها یەك تاقیکردنەوەی تیۆری لەسەر کاغەز بەقوتابی دەکرێت (10)نمرە دەربارەی تێگەیشتنی قوتابی بۆ بابەتە تیۆرییەکان، (10)نمرە لەسەر چالاکی ڕۆژانە: (بەشداری ناوپۆل، هەڵبژاردنی بابەت بۆ دیبەیت، چالاکی کارکردنی بەگروپ)، (10)نمرە نووسینی ڕاپۆرت، (10)نمرە پێشکەشکردنی سیمینار دەربارەی ڕاپۆرتەکەی دەبێتە 40% نمرەی کۆشش بۆ قوتابی .
تاقیکردنەوەی کۆتایی ساڵ بریتییە لە ئامادەکردنی پۆستەرێکی ئەکادیمی کە (20)نمرەی لەسەرە، هەروەها ئەنجامدانی دیبەیتێك کە (40)نمرەی لەسەرە.
لەخولی دووەم: سەرجەم چالاکییەکان قوتابی خۆی بەتەنها ئەنجامی دەدات (20)نمرە نووسینی ڕاپۆرت،(20)نمرە ئامادەکردنی پۆستەری ئەکادیمی، (20)نمرە پێشکەشکردنی سیمینار دەربارەی ڕاپۆرتەکەی.

**15. دەرئەنجامەکانی فێربوون:**

1. بەگەڕخستنی لێهاتوویان لە گفتوگۆکردن و بەهێزکردنی تواناکانیان بۆ دەربڕینی بیروڕای مانادار و زیرەکانە لە کۆمەڵگەدا.

2. بەکارهێنانی سەرچاوەی متمانەپێکراو بۆ کۆکردنەوەی بەڵگە بە شێوەیەکی چالاك و ڕەخنەگرانە.

3. نیشاندانی توانا و کارامەیی گفتوگۆ و دانوستانی ئاشتیخوازانە لەگەڵ ئەوانی تردا.

4. ئامادەکردن و ئەنجامدانی گفتوگۆی لۆجیکی کە سوودی بۆ کۆمەڵگە هەیە.

5. دەستنیشانکردن و شرۆڤەکردنی ئەو کێشانەی کە لە کۆمەڵگەدا تازە سەریان هەڵداوە، هەروەها سەیرکردنی خود وەك بریکارێکی چالاك بۆ چارەسەرکردنیان.

6. نیشاندنی کراوەیی لە بەرامبەر بیروڕا جیاوازەکان و ئامادەیی بۆ گۆڕانکاری لەبیروڕای خۆیدا.

7. نیشاندانی مەریفە لە ناوەندەکانی فێربووندا بە بەکارهێنانی تەکنەلۆجیا بۆ سوودی گشتی.

**16. لیستی سەرچاوە**

- سەرچاوە بنەڕەتیەکان:

-Referencing (Harvard Style)

The University of Western Australia (2015) Harvard Citation Style, [Online], Available: http://www.cqu.edu.au/edserv/undegrad/clc/content/resources.htm [24 Sep 2015]

Site This for Me (Online Citation Generator): https://www.citethisforme.com/harvard

- Avoid Plagiarism- Paraphrasing, Summarizing and Quotations

Belmihoub, K. (2014) Purdue Online Writing Lab. Paraphrase and Summary Exercises, [Online], Available: https://owl.english.purdue.edu/exercises/32/41 [May 29, 2014]

Online Learning Center (2015) College Writing Skills with Reading 6th ed. Summarizing and Paraphrasing, [Online], Available: http://highered.mheducation.com/sites/dl/free/0072996277/161503/summarizing.html [2015]

http://www.kent.ac.uk/careers/sk/time.htm#Goals

- Butt, N. S., 2010. Argument Construction, Argument Evaluation, and Decision-Making: A Content Analysis of Argumentation and Debate Textbooks. PhD. Wayne State University.

-Rybold, G., 2006. Speaking, Listening and Understanding: Debate for Non-native-English Speakers. New York: International Debate Education Association.

-Snider, A. C., (2011). A Short Guide to Competitive Debate Formats. [pdf] Available at: http://debate.uvm.edu/learndebate.html.

- سەرچاوەی سوودبەخش:

Event and Academic Posters

DeFelice, K. (2015) 25 Ways To Design an Awesome Poster and Create a Buzz For Your Next Event, [Online], Available: https://designschool.canva.com/blog/25-ways-to-design-an-awesome-poster-and-create-a-buzz-for-your-next-event/ [March 13, 2015]

Online Event Poster Maker:

http://www.postermywall.com/index.php/g/event-flyers

https://www.canva.com/design/DABj1ByY6Lc/EyNddA8jtY7n_CFHYf8DMw/edit

https://designschool.canva.com/blog/25-ways-to-design-an-awesome-poster-and-create-a-buzz-for-your-next-event/

http://designshack.net/articles/inspiration/10-tips-for-perfect-poster-design/

AVS Design (2007) Design aspects of academic poster, [Online], Available: https://connect.le.ac.uk/posters [2007]

Hess, G., Tosney, K. and Liegel, L. (2013) Creating Effective Poster Presentations | An Effective Poster, [Online], Available: https://www.ncsu.edu/project/posters/ [2013]

Purrington, C. (2015) Designing conference posters, Online], Available: http://colinpurrington.com/tips/poster-design [2015]

- گۆڤار و ریڤیوو (ئینتەرنێت):

YouTube Videos

- Moore, N. B. and Parker, R. 2004. Critical Thinking- 7th ed. McGrow-Hill. Newyork.

- Wolfson, J. A. 2012. The Great Debate. A Hand Book for Policy Debate and Public Forum Debate- 4th ed. Lightning Bolt Press. Illinois.

- Morrow, D. R. and Weston, A. 2011. A Workbook for Arguments. A Complete Course in Critical Thinking. Hackett Publishing Company, Inc. Indianapolis.

- Crick, N. 2014. Rhetorical Public Speaking- 2nd ed. Pearson Education, Inc. Louisiana.


| **17. بابەتەکان** | **ناوی مامۆستای وانەبێژ** |
| --- | --- |
| هەفتەی یەکەم/<br>- پیاداچوونەوەیەک بە سیلەبەس (پرۆگرامی خوێندن)<br>- دەسپێکێک بۆ گفتوگۆ (پێناسە، پوختە، مێژوو، لەگەڵ فۆرماتەکان)<br>- باسێکی گشتی سەبارەت بە توانستەکانی گفتوگۆ و ئارگیومێنتسازی<br>هەفتەی دووەم/<br>- ڕێکخستنی گروپەکان<br>- پێشەکیەک بۆ چالاکییەکانی ئەکادیمی و هونەری پێشکەشکردن<br>- توانستەکانی گفتوگۆ و بیرکردنەوەی ڕخنەگرانە<br>هەفتەی سێیەم/<br>- باسە هەنوکەییەکان لە کوردستان، هەروەهاچەند باسێک لە بوارێکی تایبەتدا بەپێی پسپۆڕی بەشەکان<br>- هەڵبژاردنی بابەت (هەڵبژاردەی قوتابی، بابەتی گفتوگۆهەڵگر و هەمەلایەن)<br>هەفتەی چوارەم/<br>- پێشەکییەک سەبارەت بە کارامەیی نووسینی ڕاپۆرت (کۆکردنەوەی زانیاری، پێکهاتەی ڕاپۆرت، گەڕانەوە بۆ سەرچاوەکان)<br>- توانای ئاماژەکردن بە سەرچاوەکان<br>- ئاشناکردنی قوتابی بە کتێبخانە<br>- دەستخستن و هەڵسەنگاندنی زانیاری<br>هەفتەی پێنجەم/<br>- کارامەیی ڕاپۆرتی ئەکادیمی<br>- بەرچاوڕوونیەک (کورتەیەک) لەسەر پەرتوکی سەرچاوە<br>- تۆمارکردنی تێبینی، دوورکەوتنەوە لە دزینی بیرۆکە<br>- خشتەی ئەرکەکان<br>- کارگێری کات و دابەشکردنی کاتەکان | |

| | |
|---|---|
| | هەفتەیەی شەشەم/<br>- کارامەیی نووسینی راپۆرت<br>- پوختەی بابەتەکە<br>- پوختەکردن و گەیشتن بە پرسیاری سەرەکی ڕاپۆرتەکە<br>هەفتەیەی حەوتەم/<br>- ڕەشنوسی ڕاپۆرت یاخود وتار ٢٠٠٠-٣٠٠٠ وشە<br>- تێهەڵچوونەوە بە ڕەشنوس<br>- پێداچوونەوەی هاوپۆل و ڕەخنە و پێشنیاز (لە پۆلدا)<br>هەفتەیەی هەشتەم/<br>- بە کۆتاگەیاندنی ڕاپۆرت<br>- توانستی ڕاگەیێشتن(أتصال) وپێشکەشکردنی سیمینار(پرێزەنتەیشن)<br>- ڕونکردنەوەی چالاکییەکانی ئەکادیمی (وێرکشۆپ، کۆنفرانس، سیمپۆزیم)<br>هەفتەیەی نۆیەم/<br>- مەشقی گفتوگۆی لەسەرخۆ لە گروپی بچووکدا،٣-٥ خولەک (چاوپێکەوتنی کار)<br>- دەشێ پاوەرپۆینت بەکاربێ<br>هەفتەیەی دەیەم/<br>- ئاکارەکانی ڕاگەیێشتن(أتصال)/ بیروڕای جیاواز<br>- توانستی دانووستان و گفتوگۆی ئاشتیخوازنە و قایلکردنی بەرامبەر<br>هەفتەیەی یازدەیەم/<br>- رێکخستنەوەی گروپەکان<br>- توانستی گفتوگۆ<br>- شێوازەکانی(فۆرماتەکانی) گفتوگۆ<br>هەفتەیەی دوازدەیەم/ گفتوگۆکان<br>هەفتەیەی سێزدەیەم/ گفتوگۆکان<br>هەفتەیەی چواردەیەم/ گفتوگۆکان/ ئامادەکاری بۆ بۆنە و پێشاندانی پۆستەر<br>هەفتەیەی پازدەیەم/ پێشاندانی پۆستەرەکان<br>هەفتەیەی شازدەیەم/ پێشبرکێی پۆستەرەکان و گفتوگۆکان لەسەر ئاستی کۆلێژەکان |

| | |
|---|---|
| هەفتەیەی حەڤدەیەم/ پێشبرکان لەسەر ئاستی زانکۆ<br><br>هەفتەیەی هەژدەیەم/ ئاشنایەتی قوتابی بە چالاکییەکانی ئەکادیمی (وێرکشۆپ، کۆنفرانس، سیمپۆزم) | |
| 18. بابەتی پراکتیک (ئەگەر هەبێت) | |
| فێربوونی چۆنییەتی ئامادەکردنی ڕاپۆرتی ئەکادیمی، ئامادەکردنی پرزێنتەیشن و پێشکەش کردنی، دیزاین کردنی پۆستەری بۆنەکان، دیزاین کردنی پۆستەری ئەکادیمی، ئەنجامدانی دیبەیتی ئەکادیمی | |

**19. تاقیکردنەوەکان**

**1. دارشتن:** لەم جۆرە تاقیکردنەوەیە پرسیارەکان زۆربەی بە وشەی وەک روون بکەوە چۆن...؟ هۆکارەکان چی بوون...؟ بۆچی...؟ چۆن...؟ دەستپێدەکات.
لەگەڵ وەڵامی نموونەییان
نموونە دەبێت دەستەبەربکرێت

**2. راست وچەوت:** لەم جۆرە تاقیکردنەوەیە رستەیەکی کورت دەربارەی بابەتێک دەستەبەردەکرێت وپاشان قوتابی بە ڕاست یان چەوت دادەنێت. نموونە دەبێت دەستەبەربکرێت.

**3. بژاردەی زۆر:** لەم جۆرە تاقیکردنەوەیە ژمارەیەک دەستەواژە دەستەبەردەکرێت لە ژێر رستەیەک وپاشان قوتابیان دەستەواژەی راست هەڵدەبژێرێت. نموونە دەبێت دەستەبەربکرێت.

**20. تێبینی تر**

**21. پێداچوونەوەی هاوەڵ**

ئەم کۆرسبووکە دەبێت لەلایەن هاوەڵێکی ئەکادیمیەوە سەیر بکرێت و ناوەڕۆکی بابەتەکانی کۆرسەکە پەسەند بکات و جەند ووشەیەک بنووسێت لەسەر شیاوی ناوەڕۆکی کۆرسەکە و واژووی لەسەر بکات.
هاوەڵ ئەو کەسەیە کە زانیاری هەبێت لەسەر کۆرسەکە و دەبێت پلەی زانستی لە مامۆستا کەمتر نەبێت.